# نائۆمێد لە حکومەتی هەرێم و بێزار لە حکومەتی عێراق، هاوارێك بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان



**دلۆڤان ئەحمەد:**

**(سەیری خانووە بە تەنکە دروستکراوەکانمان بکەن، ئینجا پێمان بڵێن ئەمە دڵی کوردستانە یان قودسەکەیەتی)**

**ژنێکی کورد لە شوقەکانی رعایە:**

**(کاتی بەعس ئێرە جێگەی هەتیوان بووە و ئێستەش جێگەی هەتیوەکانی پارتی و یەکێتییە کە هیچ لایەنێك ئاوڕێکیان لێنەداتەوە)**

## ئا: سالار بابەشێخ



یەکەم رۆژی مانگی ئازارە و باران نەرمە نەرمە رووومەتی شەقامەکان دەشواتەوە، لاوێك جانتایەکی رەشی بە دەستی راستی هەڵگرتووە و چاویلەکەیەکی رەشی لەچاودایە و بە هێمنی هەنگاوەکانی لەسەر شوستەی شەقامێکی شاری کەرکوك دەگوازێتەوە. نیگەران لە داهاتووی خۆی و هەراسان لە چارەنووسی شارەکەی، دڵی پڕە لە قسەی رەنگین و سکالای سەنگین. **(کەریم چالاك جەلال)** قوتابی کۆلێژی دەرمانسازی زانکۆی پزیشکی هەولێرە، 15 رۆژ جارێك لە کۆتایی هەفتە سەردانی بنەماڵەکەی دەکات. وەك باسیکرد خەڵکی گوندی (دەلۆ)ی سەر بە ناحییەی شوانە بووە کە خۆی وخانەوادەکەی لە ساڵی 1998 بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون. لەبەر ئەوەی لە دایکبووی (1985)ە, ئەو ساڵانەی لەبیر نەماوە، بەڵام "دەزانم دەرکردنەکەمان لە کاتی هەڵمەتی ئەنفال بوو". کەریم و خانەوادەکەی لە مانگی (9)ی ساڵی (2003) لە دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق گەڕاونەتەوە بۆ شاری کەرکوك، ئەوانیش وەك زۆربەی ئاوارە گەڕاوەکان سەرەکیترین کێشەیان، کێشەی نیشتەجێبوونە و تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك قەرەبوو نەکراونەتەوە. ئەو لەو رژێمە داخ لە دڵە کە لەسەر زێد و ماڵی خۆیان هەڵیکەندوون و رکیشی لە عەرەبە هاوردەکان دەبێتەوە، "بەپێی بڕیارێك بۆ جێبەجێکردنی مادەی (140), بڕی (10) ملیۆن دینار بە کوردە ئاوارەکان دەدرێت, بەڵام عەرەبە هاوردەکان سەرەڕای ئەوەی لە کاتی هێنانیان بۆ کەرکوك بڕی (10) هەزار دۆلاریان وەرگرتووە,

ئێستاکەش بۆ ڕۆیشتنەوەیان بڕی (20) ملیۆن دیناریان دەدرێتێ و ڕێگەشیان پێدەدرێت کە خانووی خۆیان بفرۆشن"، ئەو بە تووڕەییەوە پرسیار دەکات "ئایا عەرەبە هاوردەکان کە زۆربەیان پیاوی ڕژێم بوون لە ئێمەی ئاوارەی دەستی بەعس شەریفترن، بۆچی خوێنی ئەوان لە هی ئێمە سوورترە؟". کەریم گومانی هەیە مادەی 140 لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت چونکە "ماوەی (9) مانگی ماوە بۆ کۆتایی هاتنی, وادەی دیاریکراو, تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانە و بەرچاو نەهاوێژراوە, بۆیە زەحمەتە لەم (9) مانگەشدا شتێکی وابکرێت کە هەنگاوەکانی یەکلایی بکاتەوە".

شەوی 1-3/2 دوای ئەوەی سەرۆك کۆماری عێراق لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (العراقیە) دەرکەوت و لەبارەی تەندروستی خۆیەوە لێدوانێکی دا، ئاسمانی کەرکوك گوللەباران کرا و تەقەی شایی زیاتر لە یەك کاتژمێری خایاند، هەمان شەو لە گرمەی تەقەکاندا باسی شوێنێك کرا کە 4 منداڵی خێزانێك بە هۆی تەنگەبەری ژوورەکەیان خەنکابوون,



(عەباس سەلاحەدین عەباس)ی تەمەن 29 ساڵ باوکی جەرگسووتاوی ئەو منداڵانەیە، عەباس و خێزانەکەی لە شوقەکانی (رعایە) لە ژێرزەمینێکی تەنگ و تاریك دەژین کە 16 پلیکانەی تێدایە بۆ بن عەرز، "ماوەی چوارساڵە لێرە دەژین, تا ئێستا چوار منداڵم بەهۆی تەنگە نەفەسییەوە گیانیان لەدەستداوە". ئەو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا حزبەکەی خۆی یان لایەنی پەیوندیداری لەو کارەساتانە ئاگادار کردۆتەوە، گوتی "بەڵێ پێم ڕاگەیاندن, بەڵام هیچ سودێکی نەبووە, هیچیان بۆ نەکردین". لە بارەی چۆنیەتی گەڕانەوەشی بۆ کەرکوك گوتی "شاری خۆمانە, ئەگەر لە نێو قەبر و خێمەشدا بێت هەردەبێ تێیدا نیشتەجێ بین". سپێدەی ڕۆژی هەینی لە یاریگەی نێو دەوڵەتی کەرکوك، ژنێکی تووڕە بێ ئەوەی خۆی بناسێنێت هاتە بەردەم ڕیکۆدەرەکە و گوتی "ئێمە بووینەتە سینەما لەو مەلعەبە, هەر دێن تەسویر دەکەن و گاڵتە بە عەقڵمان دەکەن و...". دوای ئەوەی کەسانی دەوروبەری هەندێك هێوریان کردەوە بە گومانەوە گوتی "ئەگەر ڕاست دەکەن، لەم ژیانە نەجاتمان بدەن, ئەوە چوار ساڵە لێرەم, قوڕ ئەپێوین ئێمە بەو هیوایە گەڕاینەوە کە شتێکمان بۆ بکرێت ئەگەر هیچمان بۆ نەکەن, خۆ ژیانی ئەوسامان خۆشتر بوو لە ئێستا".

(ڕێبوار محەمەد ئیبراهیم) ئەندامی لیژنەی باڵای ئاوارەکان پێی باشە فشارێکی نێودەوڵەتی بخرێتە سەر حکومەتەکانی کوردستان و عێراق، چونکە "تا ئێستا لە کارەکانیان سەرکەوتوو نین و حکومەتی عێراقیش کارئاسانی ناکات". وەك ڕێبوار باسی کرد بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەك هەبێت, (472) ماڵ واتە پتر لە (2250) کەس لە ئاوارەکانی کەرکوك لە یاریگەی نێو دەوڵەتی کەرکوك (شەهید یوسف) جێگیر بوونە و باری گوزەرانیان لەو پەڕی مەترسیدایە، "داوا لە خێرخوازان دەکەین کە ئەم مەسەلەیە بگەیەننە ئاستێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر حکومەت و لایەنە سیاسییەکان و لەم شوێنە نەجاتمان بدەن".

"خەڵکی ئێرە ڕقێکیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵگرتووە, دەڵێن ئێمەیان کردووە بە سینەما, تەسویرمان دەکەن و هیچیشمان بۆ ناکەن، ئەمە حاڵەتێکی زەرووریە بخرێتە بەردەم حکومەت, بەڵام کام حکومەت, ئەو حکومەتەی کە تا ئێستا لەگەڵ ڕاستییەکان ڕاست نییە, بەڕاستی ئەو خەڵکە تەدمیر بووە, بۆیە داوا دەکەین فشارێکی نێو دەوڵەتی دروست بکرێت کە ئاوارەکانی کەرکوك بە مافەکانی خۆیان شاد بکاتەوە". (فەریدون نورەدین) ئەنجومەنی یاریگای شەهید یوسف وایوت. ئەو لە بارەی ناوی یاریگاکەش گوتی " ئەم یاریگایە بەناوی شەهید یوسف کراوە, شەهید یوسف لە ڕۆژی هەڵبژاردن و دەنگداندا بەهۆی کەوتنەوەی هاوەنێکەوە شەهید بوو، ئێمە لە ڕێگەبووین دەچووین بۆ دەنگدان, کە ئەم ڕووداوە ڕوویدا، ئێمە شەهید یوسفمان برد بۆ نەخۆشخانە, دایك و باوکی بەر لەوەی بیانەوێت بچن بۆ لای کوڕە بریندارەکەیان چوون دەنگی خۆیاندا, ئینجا دوای دەنگدان چوون بۆ لای کوڕەکەیان".

ڕەشیداوە, لەتیفاوە, سەرکارێزە و شۆریجە بەجێ بێڵی، دەگەیتە (پەنجا عەلی)، سنووری پەنجا عەلی نزیکەی (30) هەزار ماڵە و خەڵکێکی ئاوارەی زۆری تێدا دەژیت ئەوان لەسەر حیسابی خۆیان خانوویان دروستکردووە, کەلوپەل و زێرو شتی وایان فرۆشتووە, تا ئەو کەلاوانەیان پێکهێناوە, زۆریشیان تا ئێستا لە ژێر خێمەدا دەژین, ئەوانەی فەیلەقیش بە هەمان شێوە لە ژیانێکی ناخۆشدان و خزمەتگوزارییان کەمە.

"مێردەکەم خەڵکی کورکوکەو خۆم خەڵکی سلێمانیم, لە دوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق بە حوکمی ئەوەی باوکی منداڵەکان خەڵکی کەرکوکە بڕیارماندا بگەڕێینەوە, بەلاّم بەڕاستی دوای گەڕانەوە نەهامەتی زۆرمان بینیوە, لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ شتێکیان بۆ نەکردووین و لە هیچ بوارێکدا ئاوڕیان لێنەداوینەتەوە". ئەمە قسەی (نوخشە سلێمان مەردان)ە, ئەو مامۆستا بووە و ئێستا ژنی ماڵەوەیە، دایکی 4 منداڵە و منداڵێکیشی نەخۆشی دڵی هەیە و هەموو دارایی خۆیان لەسەری داناوە، بەلاّم نەخۆشییەکەی چاەسەر نەکراوە. کچەگەورەکەشی قوتابی کۆلیژی یاسایە لە کەرکوك، نوخشە پێیوایە حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە قوتابییانی کورد لە کەرکوك زۆر کەمتەرخەمە، "جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابییانی زانکۆی کەرکوك و شوێنەکانی تر, تا ئێستا لە زانکۆدا دەرماڵەی خوێندنیان پێنەدراوە کە مافێکی سروشتی خۆیانە، بۆچی شارەکانی تر هەیانبێت و کەرکوك نەیانبێت؟". ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتی "حکومەتی کوردی و دەزگا حکومییەکان لە بەغدا شتەکان بە هەڵواسراوی دەهێڵنەوە, دەگوترێت لەبەر ئەوەی چارەنووسی بەغدا نادیارەو باش نییە, حکومەت ناپرژێتە سەر چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك، دەگوترێت کەرکوك دڵی کوردستانە, قودسی کوردستانە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێکیان بۆ نەکردووە". نوخشە دانیشتووی شوقەکانی (رعایە الایتام)ە و لە بارەی ناوی شوقەکانیش گوتی"کاتی بەعس ئێرە جێگەی هەتیوان بووە و ئێستەش جێگەی هەتیوەکانی پارتی و یەکێتییە کە هیچ لایەنێك ئاوڕێکیان لێناداتەوە".

(دلۆڤان ئەحمەد)ی تەمەن 34 ساڵ ئامادە نەبوو هیچ قسەیەك بکات، ئەو پێیباش بوو بە نووسراوە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، بۆیە دوای چەند خولەکێك لە ونبوونی، هاتەوە و پارچە کاغەزێکی هێنا کە تێیدا نووسرابوو: "وشەی ئاوارە بۆ کەسانێکی وەکو ئێمە ئەو گۆرانییە دێنێتەوە یاد کە دەڵێ: (چەك هەڵگری خاکێکم دوژمن لەسەری زاڵە... من بوومەتە بێگانە و بێگانە خاوەن ماڵە)، ئێمە لە ماڵ و شاری خۆماندا ئاوارەین، ئەو شارەی کە بەسەر دەریاوەیە و دەسەلاّت لە ترسی نغرۆ بوون، ناتوانێت بەردێك بخاتە سەر بەردێك، سەیری خانووە بە تەنکە دروستکراوەکانمان بکەن، ئینجا پێمان بڵێن ئەمە دڵێ کوردستانە یان قودسەکەیەتی، لە نێو ماڵ و شاری خۆم.... ئاوارەم، من ئاوارەی دۆزەخم، کەرکوك دۆزەخی کوردستانە، ئێمە لە دۆزەخدا دەژین و فێر کراوین بڵێین سەرمامانە، بۆیە پێویستە دوای نائۆمێدی لە حکومەتی کوردستان و بێزاری لە حکومەتی عێراق، هاوارێك بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بەرز بکەینەوە، بەڵکو ئەوان فریامان بکەون".

---

تێبینی: ئەم راپۆرتە لە رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) بلاّو کراوەتەوە، تکایە با لە سەر داواکاری ئاوارە گەڕاوەکانی خەڵکی کەرکوك، فشارێکی نێو دەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 دروستبکرێت و هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە لەسەر هەنگاوی خێرا، کاری بۆ بکات و ئەمەش بە مەزنترین ئەرکی نیشتمانی و هەنووکەیی خۆی بزانێت.